# پاداشتی هەڵوێست، ڕیسوا بوونە

هەرمان هەولێری
Herman_hewleri@yahoo.com

شاراوە نیە لە دوای کارەساتەکانی شەڕی ناوخۆ باجەکەی خەڵکی هەژارو بەش مەینەت بوو بە تایبەتی ئەو فەرمانبەر و کاسبکارانەی کە لە هەر دوولا ئاوارەبوون و چەندین ساڵ زێدی خۆیان و باب و باپیرانیان جێهێشت و لە ژیانێکی مەمرە و مەژی ژیانیان گوزەر کرد.

لەلایەن دانیشتوانی شارە خانەخوێکانیش هەمیشە بە چاوێکی سوك و مشەخۆری شارەکانیان سەیر دەکران، هیچ کەسێك نیە کە لەو رۆژگارە نەخواستراو و نەگریسە ئاوارە بووبێت کۆمەڵێك یادگاری تاڵ و ناهەمواری لە کەشکۆڵی بیرەوەریەکانی تۆمار نەکرد بێت، جا ئەوەی سەیرە و جێی سەرنجە تاکو ئێستاش لەگەڵدا بێت، کە گوایە حکوومەت یەك حکوومەتە، ئازار و مەینەتیەکانی ئاوارەکانیش هێشتا درێژەی هەیە و چارەسەری بنەڕەتی لەلایەن هەر دوو حزبی بەشەڕ هاتوو بۆ دیاری نەکراوە و پرۆسەی ئاشتەوایش دیسان پێش گەڕاندنەوەی مەڵبەند و لقەکان بە ئاوارە ماڵوێرانەکان دەستی پێکراو، تاقیکردنەوە لەسەر هەست و کەرامەتی ئەوان ئەنجامدرا وەك ئەوەی ئەوان هۆکار و رابەری هەڵگیرسانی شەڕی خۆ کوژی بووین، ئەوەی جێی دڵخۆشی بەشێکی زۆری ئاوارەکانی هەردوولا بوو هەمیشە لە هزرو بیریاندا گەڕانەوە بوو بۆ زێدەکانیان بە سەربەرزی و رێزلێنان چونکە شاراوە نیە کە هەمووماں شەڕی کورد کوژی ریسوا دەکەین، بەڵام خۆ ئەگەر حزبەکانمان لەگەڵ داگیرکەرانی کوردستانیش تووشی ئەو هەڵوێستە بوونایە هەر ئەو ماڵوێرانانە لەگەڵ سەرکردایەتیەکانیان هەڵوێستیان وەردەگرت و ئامادەیی هەموو قوربانیەك دەبوون، بۆیە دەبێ حکوومەتی کوردستان کەلە سەرکردایەتی هەردوو لا پێکهاتووە و ئەمڕۆ خاوەن دەسەڵاتە و شەرعیەتیش لەو خەڵکەوە وەرگرتووە هەمیشە وەفادارو دڵسۆز بێت بەرامبەریان، هیچ کەسێك دڵگران نیە بەو ئەرکەی حکوومەت پێی دەسپێرێت لە هەر شوێنێکی کوردستان بێت، بەڵام ئەمرۆ ئیدارە و دەسەڵات هەیە پێویستە بڕیارەکانی گشتگیر و یەکلاکەرەوە بن لەسەر هەموو دام و دەزگاکانی لە سەرانسەری کوردستان، کە ئێستا بەو شێوەیە نیە، ئەوەی دەمەوێ باسی بکەم بڕیاری گواستنەوەی (1193) فەرمانبەری ناو شاری هەولێرن کە ئێستا لە کۆیە مووچەکانیان وەردەگرن و بەشێکی زۆریشیان دەوام ناکەن، بەڵام کاتێك کە لەلایەن بەرێوەبەرایەتیەکانیانەوە داوایان لێکراوە کە بگەرێنەوە فەرمانگەکانیان لە ناو شاری هەولێر بە خۆشحاڵیەوە رەزامەندبوونە فۆرمیان پرکردۆتەوە هەر فەرمانبەرە بە گوێرەی وەزارەتەکەی و بواری پسپۆری خۆی شوێنی دەست نیشان کرووە، کورد ووتەنی: ئێستا دارێکیان داوەتەوە دەستیان هەر دوو سەری پیسە، لە کۆیە بڕیاری گواستنەوەیان دەرکراوە و لە کارترازانیان دەرچووە و مووچەکانیان راگیراوە، کەچی لە هەولێر کاتێك سەردانی هەر بەرێوەبەرایەتیەك دەکەن، وەڵام بۆیان پێویستیان پێیان نیە، جا من دەپرسم ئەگەر ووتەبێژی جێگری سەرۆکی حکوومەت و خوشکە قائمقامی کۆیە ارستگۆن کە چارەسەری کێشەکەیان کراوە بۆچی لە سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران بە گوێرەی پسپۆریان فەرمان دەرناکەن، بۆ دەزگا و بەرێوەبەرایەتییەکانی ناو شاری هەولێر یاخود خۆیان دەسەڵاتیان تەنها بەسەر یەك بەرێوەبەرایەتی ناو شاری هەولێریش نیە، بەڵکو ئەو تەکلیفەیان خستۆتە ئەستۆی فەرمانبەرە بەسەزمانەکان، کە دەبێ بچێ لەبەر دەرگای بەرێوەبەرێك بپارێتەوە تاکو وەریدەگرێتەوە یان رەزامەندە بە گەڕانەوەی، کە بە دڵنیاییشەوە وەڵامی هەرە زۆریان پێویستمان پێتان نیە، هەر یەك لە ووتەبێژی جێگری سەرۆکی حکوومەتی هەرێم و قائمقامی کۆیە لەسەر فەرمانی ماندووبوون و قوربانی ئەو خەڵکە تێکۆشەرە پاڵیانداوەتەوە پێیان وایە ئەوان سواڵکەری بەردەرگای ئەوانن نازانن هەرە زۆریان لەوان شایستەتر و بە هەڵوێسترن، من لە خانمی قائمقام دەپرسم ئەگەر ئەو بارودۆخە نەبوایە ئێستا شارەکەی جەنابت چۆن دەبوو کە بەرێزت هەمیشە لە بۆنە رەسمی و نارەسمیەکان قسەی نابەجێ و سوك بەو خەڵکانە دەڵێی و پێت

وایە لە خەزێنەکەی خۆت دەستی خێریان بۆ درێژ دەکەیت، بۆیە داوا لە بەرێز سەرۆکی حکوومەت دەکەین کە خۆی تەداخوولی ئەو کێشەیە بکات، هەر چەندە ئێمە هەموومان سەر بە (ی ن ك) ین، بەڵام بێ هیوا بووین لە جێگری سەرۆکی حکوومەتەکەمان کە بێجگە لە کێشە دروست کردن بۆمان هیچی تری پێ ناکرێت دەمەوێ ئەوەش بە بەرێزت رابگەیەنین بەشێکی زۆرمان پێشتر خزمەتمان هەبووە لە فەرمانگاکانی ناو شاری هەولێر کە ئێستا دەیانەوێ بە فەرمانبەرێکی تازە دامەزراو بمانگەرێننەوە خۆشتان دەزانن پەندێك هەیە دەڵێ ((ملان بپەرێنن بەڵام نانی خەڵك مەبڕن)).

لە کۆتاییدا دەڵێین بە دڵنیایەوە وەفادار دەبین بۆ هەر کەسێك کە مەینەتیەکانمان کەم بکاتەوە.